
# "شەهید سەید بابا ، ئەو پارتیزانەی
# ئەنفالی گەرمیانیش کۆڵی پێنەدا "



من بەردێکی سەرلوتکەم و
نە بەسەرما ، نە بەگەرما
ناتوێمەوە
وەکو ئاسمان بیٚ سنوورم
ڕێگای هەڵەت ئەخرچێنم
سواڵەی هیوا
لەگێژەنگا دەرئەهێنم
وەکو ڕووبار هەر ئەڕۆم و
ڕێی کشانەوەم نەدیوە
لەوەتەی هەم
خەندە لەلێوم تەریوە
منی هەڵۆ،
بەرزە فڕو،
گەردی زەویش بەدی ئەکەم
دار بەڕووم و
گڕیش بەجەستەم فێر ئەکەم

بەلای منەوە لەوە سەختتر نییە باس لە کەسێک بکەیت و ئەو کەسەش ماڵئاوایی لەم ژیانە کردبێت و کەسێکی نزیک و خۆشەویستت بێت ، چ جای ئەوەی شەهیدی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەشی بێت !! لەو کاتەی گەرمیانەکەی (مامە ڕیشە و سەید جەوهەر و عەسکەر ئەلفە) و هەزاران پێشمەرگەی گیان لەسەر دەستی بیٚ پەروا لە هێزی زەبەلاحی جاش و جەیشی دوژمن ژەهری ئەنفالی بەسەر گەرمیانی فیداکارو خۆڕاگردا باران ، لەو کاتەی کەنیشکە گەرمیانی دەفرۆشرایە عارەبی پیٚ پەتیی و بەدووەکانی بیابان ، ئا لەو کاتەدا سەید بابا بە سکێکی برسی و بەدەنێکی لاوازەوە بەڵام بە بڕوایەکی پۆڵایینی نەبەزیوی گیان لەسەر دەست دڕنی بە شەوە زەنگی ئەنفال دەدا ، لە کاتیکدا زیاتر لە **58** کەسی نزیکی خۆی و سەدان لە خزمە نزیکەکانی لە هەردوو قەڵامکایل و قەشقە و چەمسورخاو و وێڵەو شاووک نەورۆز و داربەسەرە ئەژدیهای ئەنفال هەمویانی هەڵلوشیی ، سەید بابا ورەی نەڕووخاو تەسلیم بە جاش و جەیشی بەعس نەبوو ، کوا مرۆڤی ئاسایی دەتوانێت بۆ چەند ڕۆژێکیش بێت لە هەردەیەکی چۆڵ و بیٚ

ئاوەدانیی ژیان بەسەر ببات ، ژیانێکی پڕلە مەترسیی نەک ئاسایی ، بەڵام سەید بابای پێشمەرگەی پارتیزان و نەبەز نزیکەی 3 ساڵ هەرچی هەردەو کۆریانی گەرمیان هەبوو تەیکرد بێئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ ساتێکێش خۆڕاگریی و وورەی تاکە پلەیەک بێتە خوارەوە.

## شةهيدي نةمر ناوي تةواوي (بابا محةمةد سةعيد) ةو ناسراوة بة سةيد بابا

لە ساڵی 1955 لە گوندی قەڵامکائیلی سەر بە شارۆچکەی قادرکەرەم لە دایک بووە.. ساڵی 1981 پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کردووە.. ساڵی 1984 لە تیپی 57 ی سەگرمە بووەتە پێشمەرگە و بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی گەرمیان و قەرەداغ و سەرکردایەتیی کردووە... بۆ ماوەی 3 سێ ساڵ دوای ئەنفال لە گەرمیاندا وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان ماوەتەوە...

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی 1991 دا لە ڕزگارکردنی شاری چەمچەماڵ و ئۆردوگای شۆڕش – قادرکەرەم و شاری کەرکووکی بابا گوڕ گوڕی کوردانددا دەوری بەرچاوی هەبووە... لە دوای کۆڕەو بووەتە فەرماندەی تیپ لە بەتالیۆنی 111 قادرکەرەم و لەبەر لێهاتوویی کراوە بە فەرماندەی بەتالیۆن ، دواتریش گەیشتوەتە پلەی یاریدەدەری فەوج لە لیوای 3 ی سوپای یەکگرتووی کوردستان ، لە دامەزراندنی دواجاردا بووەتە فەرماندەی فەوجی سەنگاو لە لیوای چەمچەماڵ.

سەد مەخابن لە شەوی 1994/8/25/24 لە هێرشێکی قارەمانانەدا بۆ سەر نۆکەرانی بێگانە و پاراستنی سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ 3 هاوڕێی تریدا گەیشتوونەتە کاروانی شەهیدان.

هەزاران سەڵاو لەگیانی پاکی شەهیدی نەمر سەید بابا و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان .

**فەخرەدین گەرمیانی – کۆنگۆ 23-08-2007**